# بوێری بەدرۆخستنەوە..

## (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی کارڵ پۆپەر)ە بۆ تیۆر و زانست

دڵزار حەسەن

لە مێژووی تاقیکردنەوە و شیکاری زانستی و دیرۆکی بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە دنیای عەقڵ و داهێناندا، زۆرجار ئەو شتانەی لە سەرەتادا، بەناوی بیرۆکەی «نازانستی»، یان بەناوی «شێوازی بیرکردنەوەی ناتەواو» لەلایەن ناوەندی زانستی دیکە و کەسانی بیرمەندەوە ڕەت کراونەتەوە، سەرباری ڕەتکردنەوەیان، بەڵام دواتر بوونەتە بەشێکی گرنگ لە تێگەیشتنی مرۆڤ، بۆ خۆی و بۆ جیهانیش. ئەو گرفتە زیاتر لە پرۆژە فیکرییەکانی (کارڵ گۆستاف یۆنگ ١٨٧٥ – ١٩٦١) کە تیۆری دەروونناسی شیکاری داهێنا، لەگەڵ بیرمەندی بواری فەلسەفەی زانست (کارڵ پۆپەر ١٩٠٢- ١٩٩٤) بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە. ڕوانگەی پۆپەر بۆ زانست، ئەوەیە بتوانرێت «هەڵبوەشێنرێتەوە»، یان «بەدرۆ بخرێتەوە» بە واتایەکی دیکە، هەر تیۆرییەک دەبێت ئامادەیی ئەوەی هەبێت، ڕاستییەک، یان تاقیکردنەوەیەکی جیاوازتر لەخۆی، بتوانێت پووچەڵی بکاتەوە.(١)

لەم ڕوانگەیەوە (کارڵ پۆپەر) وای دەبینی تیۆرییەکانی دەروونناسی شیکاری زۆر فراوان و لەڕادەبەدەر، لە لووتکەی لێکدانەوەدان، بەجۆرێک دەتوانن هەموو ڕەفتارێک و دژەکەشی لێک بدەنەوە، بۆیە لە دیدگەی ئەودا ئەمانە شێوەیەک لە «نازانستی» لە هەناوی خۆیاندا

وێنا دەکەن. ئەو حوکمدانەی پۆپەر، هەرچەندە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فەلسەفەی زانستدا بەجێ هێشت، بەڵام دواجار بۆ ناوەندە ئاکادیمییەکان نەبوو بە یاسایەکی ڕەها.

زۆر لە فەیلەسووفانی دیکە بەدیارکەوتن کە درێژەیان بەهەمان تێڕوانین دەدا وەک نموونەی (تۆماس کۆهین ١٩٢٢ – ١٩٩٦) کە پێیوابوو زانست تەنیا بە کۆکردنەوەی زانیاری پێش ناکەوێت، بەڵکوو بە هۆی شێوازی بیرکردنەوەی زانایان، گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەو گۆڕانەشی زیاتر لە ناوەڕۆکی کتێبە بەناوبانگەکەی «پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان» بەکارهێناوە، کە پێی دەگوت: «گۆڕانی پارادایم»ی.(٢)

لەلایەکی دیکەوە، لە دیدی بیرمەندێکی وەک (ئیمری لاکاتۆش ١٩٢٢- ١٩٧٤) کە لە کتێبە دیارەکەیدا «سەلماندن و ڕەتکردنەوەکان» دەستی بۆ تێزێکی نوێ برد، کە بووە مایەی مشتومڕێکی زانستی قووڵ. لاکاتۆش بە تێڕوانینەکانی جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان تیۆرەکەی (پۆپەر) و (یۆنگ) دروست کرد. لاکاتۆش پێیوابوو زانست بەشێوەی «بەرنامەیەکی توێژینەوەیی» پەرە دەسێنێت.(٣) هەردوو زانا ئەوەیان نیشان دا کە زانست تەنیا بە فڕێدانی بیرۆکە تیۆرییەکان گەشە ناسێنێت، بەڵکوو بە دروستکردنی «پارادایم» و «کرداری توێژینەوە» دەچێتە پێشەوە.

تیۆریزە بەناوبانگەکانی جیهان لایانوایە، زۆرجار تیۆرییە زانستییەکانیش، تەنانەت لە بواری «فیزیا» و «بایۆلۆژی»دا، ساڵانێک دەخایەنێت تا بتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاقی بکرێنەوە، لەبەر ئەوە پرسیارەکە تەنیا ئەوە نییە بگوترێت: ئایا دەروونناسی شیکاری زانستە، یان نا؟ بەڵکوو ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بپرسین: زانست خۆی چییە، تا بتوانێت حاڵەتی دەروونی مرۆڤ وەک



کارڵ پۆپەر

یەکەیەکی زانستی شی بکاتەوە؟ بیرمان نەچێت زانستە سروشتییەکان وەک نموونەی «فیزیا» لەسەر بنەمای ژمارە، تاقیکردنەوە و پێشبینی کاردەکا، بەڵام مرۆڤ تەنیا ماددەیەک نییە تا بخرێتە ناو هەمان تاقیگەوە. مرۆڤ واتا، خەون، ترس، یادەوەری و حەز و چێژ، بۆیە لە زانستە مرۆڤایەتییە نوێکاندا، گرنگی بە «لێکدانەوە» و «تێگەیشتن» دراوە، نەک تەنیا «پێشبینی». ئەو گۆڕانکارییەش پێی دەگوترێت (ئاراستەی لێکدانەوەیی) ئەم دەستەواژەیە زۆرجار لەبواری فەلسەفە، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و ڕەخنەی ئەدەبیش بەکاردێت، ئاماژەیە بەو گۆڕانەی کە لە زانستە مرۆییەکاندا ڕوویان داوە.

کاتێک توێژەران تەنیا بە داتا و ڕاستییە ماددییەکان قایل نەبوون، بەڵکوو گرنگییان بە: مانا، لێکدانەوە، زمان، کۆنتێکست، تێگەیشتنی مرۆڤ دا. لەو ڕوانگەیەوە دەبینین

دەروونناسی، شیکاری نەخۆشییە دەروونییەکان وەک «هەڵەیەکی میکانیکی» نابینێت، بەڵکوو وەک نامەیەکی ئاڵۆز دەخوێنێتەوە. نامەیەک کە لە ژێر ئاستی هۆشیاریدا دەنووسرێت. خەون لێرەدا تەنیا چالاکییەکی بێ مانا نییە، بەڵکوو زمانێکی شاراوەی ڕۆحە. ئەفسانە و هونەر و ئایینیش تەنیا بەرهەمی هەڕەمەکی مێژوو نین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ئەو «نموونە سەرەتایانەن» کە (یۆنگ) باسی لێوە دەکات. ڕاستە، ئەو بیرۆکانە بە ئاسانی ناکەونە ژێر میکروسکۆپ و ناکرێن بە هاوکێشەی بیرکاریی و دواجار بخرێنەڕوو، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هیچ جۆرە ڕاستییەکیان تێدا نادۆزرێتەوە. زانستی هاوچەرخیش ئەوەی سەلماندووە، کە زۆرێک لە پرۆسەکانی مێشک لە ئاستێکی «نا هۆشیار»دا ڕوودەدەن.(٤)

لێرەدا گرنگە جیاوازی بکەین لەنێوان «نا هۆشیاری» لە زانستی مێشک و ئەو «نا هۆش»یەی زانایەکی وەک (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦- ١٩٣٩)، تەنانەت (یۆنگ)یش باسیان لێوە کردووە. یەکەمەکە بە شێوەیەکی تاقیکراوە سەلمێنراوە، بەڵام دووەمەکە هێشتا بابەتی مشتومڕی فەلسەفی و کلینیکییە، هەروەها هەبوونی هاوشێوەیی نێوان خەون و ئەفسانەکانی گەلان، ناتوانێت بە تەواوی بوونی «ناهۆشی کۆمەڵایەتی» بسەلمێنێت، چونکە ڕێکەوت و پێکهاتەی هاوبەشی ژیانی مرۆڤیش دەتوانێت هۆکار بێت، بەڵام هەر لێرەدایە هێزی دەروونناسی شیکاری دەردەکەوێت، نەک وەک تیۆرییەکی تاقیگەیی داخراو، بەڵکوو وەک سیستمێکی لێکدانەوەیی کە دەتوانێت پێوەندی نێوان دەروونناسی، ئەنترۆپۆلۆژیا، ئایین و هونەر دروست بکات.(٥) لە هەمان کاتدا، دەبێت وریابین لەوەی «سەرکەوتنی چارەسەریی» بە تەنیا بەڵگەی ڕاستی تیۆرییەک نییە، ڕەنگە نەخۆشێک باش ببێتەوە، بەهۆی گوێگرتن لە مۆسیقا، گەشتێک، یان باشبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی، یان دۆزینەوەی واتایەکی نوێ بۆ ژیانی، ئەوەش بەو مانایە نییە «گرێی ئۆدیپ» بۆ دیاریکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان تاسەر ڕاست بێت، بەڵام هەر ئەو توانایی چارەسەریەش لە بنیادی دەروونناسی شیکاریدا، بەلای کەمی لە سنووری بیرۆکەیەکی تەواو پووچ، دووردەخاتەوە.

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، کەم بیرمەند هەن دەروونناسی شیکاری بە «زانستی درۆزنانە» بناسێنێت، هەروەها کەمترین لەوانەی ئیش لە شیکاری دەروونناسی دەکەن، بیخاتە پلەی زانستی «فیزیا»، یان دەروونناسی (کۆگنیتیف)ـەوە، واتە: پەیوەست بە زانین و بیرکردنەوەی مێشک بکرێتەوە. هەڵبەت ئەم وشەیە زۆرجار لە دەروونناسی، فەلسەفە، زانستی مێشک و زمانەوانیدا بەکار دێت و ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو پرۆسانەی کە پێوەندییان بە: بیرکردنەوە، تێگەیشتن، فێربوون، یادگە، سەرنج، چارەسەرکردنی کێشە، بڕیاردانەوە هەیە. بۆ نموونە: زانستی ناسین، یان زانستیی مەعریفە، یان دەروونناسی ناسین، یان گەشەکردنی هۆشیاری و بیرکردنەوە، کۆی ئەو چەمکانە دەگرێتەوە. ئەو زاراوەیە زۆرجاریش بەرانبەر «هەست»، یان «سۆز» دادەنرێت، چونکە زیاتر سەبارەت بە کارکردنی مێشک و تێگەیشتنی مرۆڤەوە پەیوەستە. ئەوەی زیاتر پەسەندکراوە ئەوەیە، کە دەروونناسی شیکاری لە ناوچەیەکی نێوانگیردا وەستاوە. لەنێوان زانست، فەلسەفە، تەئویل و چارەسەردا دێت و دەچێت.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بزانین گرفتەکە تەنیا کێشەی (یۆنگ) و (پۆپەر) نییە، بەڵکوو بەدیوێکی مەعریفی و فیکرییەوە کێشەی تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ خودی «زانست». باشە ئەگەر زانست تەنیا ئەوە بێت، کە بتوانرێت لە تاقیگەدا بپێورێت، ئەوە بەشێکی زۆر لە ئەزموونە کردارییەکانی مرۆڤ، لە دەرەوەی زانستدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی واتاساز و ئاڵۆز بزانین، ئەوە پێویستمان بە جۆرێکی دی لە تێگەیشتن هەیە. تێگەیشتنێک، کە بتوانێت بە ناو تاریکی ناخی مرۆڤدا بڕوات، تەنانەت ئەگەر ئەو تاریکییە، هەمیشە بە تەواویش نەخرێتە ژێر ڕووناکی تاقیگەوە. وەک ئاماژەمان پێدا لە مێژووی فەلسەفەی زانستدا، کەم بیرۆکە هەبوون کە وەک بیرۆکەی «ئەگەری بەدرۆخستنەوە» ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر شێوازی تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکی زانست هەبێت.

پێش (کاڕڵ پۆپەر) زۆربەی فەیلەسووفان وایان لێک دەدایەوە، کە زانست لەسەر فەلسەفەی «ئیستقرا» بیناکراوە. هەڵبەت لە فەلسەفە و لۆژیکدا، ئەو دەستەواژەیە بەمانای گەیشتن بە نموونە و وردەکارییەکان، بۆ یاسا، یان حوکمێکی گشتی بەکاردێت، واتە مرۆڤ چەند نموونەیەک دەبینێت، پاشان لێیانەوە ئەنجامێکی گشتی وەردەگرێت. بۆ نموونە: ئاسن، زێڕ، مس بە گەرما لێک دەکشێن، لە دەرئەنجامی ئەوەدا زانایان دەگەنە ئەو حوکمەی: هەموو کانزاکان بەهۆی گەرمییەوە لێک دەکشێن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە پێی دەوترێت «ئیستقرا». لە زۆر کاتیش بەرانبەر بە قیاسیش بەکاردێت، لە قیاسدا لە یاسایەکی گشتییەوە بۆ سەر چوارچێوەیەکی تایبەت دەچێت، بەڵام لە ئیستقرادا لە نموونە تایبەتەکانەوە، بۆ یاسای گشتی دەچێت.

فەیلەسووفانی وەک (فرانسیس بیکۆن ١٥٦١-١٦٢٦) گرنگییەکی زۆریان بە ئیستقرا داوە، بە تایبەتی لە پەرەپێدانی زانستی ئەزموونی بنیاد نراوەدا. ناوبراو وەک فەیلەسووفێکی ئینگلیزی، بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی زانستی نوێ دادەنرێت. بیکۆن لەکارە فەلسەفییەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە: تاقیکردنەوە، چاودێری، ئەزموون، ئیستقرا دەدا. ئەو پێیوابوو زانست نابێت تەنیا لەسەر گومان و بیرکردنەوەی هزری بینابکرێت، بەڵکوو دەبێت لەسەر ئەزموون و تاقیکردنەوە بەرهەم بهێنرێت.(٦) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، کە بەناوی «ئۆرگانۆمی نوێ» بڵاوی کردووەتەوە، لەو کتێبەدا «بیکۆن» باسی ڕێبازی ئیستقرایی دەکات و ڕەخنەش لە ڕێبازی کۆنی فەلسەفە دەگرێت، بەڵام «پۆپەر» لە ناو ئەو باوەڕەدا مەترسییەکی گەورەی بینی و ڕایگەیاند: تیۆرییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە، هەمیشە بەڵگەی پشتگیری بۆ خۆیان بدۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر لە بنەڕەتدا هەڵە بن.

«پۆپەر»یش کاتێک سەیری ڕەوتە فیکرییەکانی سەردەمی خۆی دەکرد، بە تایبەتی دەروونشیکاریی (سیگمۆند فرۆید و قوتابخانەی مارکسیستی) هەستی کرد، ئەم تیۆریانە بەوپەڕی ڕەهاییەوە هەموو شتێک لێک دەدەنەوە و هیچ شتێکیش ناتوانێت پووچەڵیان بکاتەوە! بۆ هەر ڕەفتارێکی مرۆڤ دەگەڕانەوە، بۆ «گرێی ئودیب»ی و هەر ڕووداوێکی مێژوویش وەک بەڵگەیەکی زانستی، بۆ ڕاستگۆیی مارکسیزم دەژمێردرا، لێرەدا «پۆپەر» ئەو پرسیارەی ئاراستە کردین: ئەگەر تیۆرییەک بتوانێت هەموو شتێک لێک بداتەوە، ئایا هێشتا

زانستە؟

لە ناو ئەم تەنگژە فیکرییەدا، بیرۆکەی «قابلییەتی بەدرۆخستنەوە» لەدایک بوو، لێرەدا «کارڵ پۆپەر»ی بیرمەند زۆر بوێرانە هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە و پێی گوتین: زانست بەوە ناسرێتەوە کە ئامادەی هەڵەبوون بێت، بەڵکوو بەوە تووشی دارمان دەبێت، هەمیشە خۆی بسەلمێنێت. تیۆرییە زانستییەکەی «پۆپەر»، ئەوەیە، کە بتوانێت پێشبینییەکی ڕوون و دیاریکراو بخاتەڕوو، پێشبینییەک کە ڕاستییەکانی جیهانی دەرەوە بتوانن پووچەڵی بکەنەوە. لە ڕوانگەی پۆپەرەوە، مەزنترین نموونەی ئەو «ئەزموونی مەترسیدارە، تیۆریی ڕێژەیی (ئەلبێرت ئەنیشتاین ١٨٧٩ – ١٩٥٥) بوو. لێرەدا «پۆپەر» پێمان دەڵێت: «ئەنیشتاین» بە شوێن بەڵگەی ئارام و پارێزراودا نەدەگەڕا، بەڵکوو پێشبینییەکی مەترسیداری کرد: کاتێک ڕووناکی بە نزیک خۆردا دەڕوات، دەبێت بەهۆی گەڕانەوەی خۆرەوە بچەمێتەوە.

بەپێی ئەو تێگەیشتنە، زانست کۆکردنەوەی «حەقیقەتە ڕەهایەکان» نییە، بەڵکوو زانست پرۆسەیەکی بەردەوامی هەڵە دۆزینەوەیە. ئەلبێرت ئەنیشتاین لە بەشی ناوەڕاستی کتێبی «ڕێژەیی: تیۆری تایبەت و تیۆری گشتی» لە لاپەڕە ١١٤–١٣٢، بە زمانێکی سادە و زانستی هەوڵ دەدات تیۆری ڕێژەیی گشتی ڕون بکاتەوە. لەو بەشەدا زۆرجار باس لە پێوەندی نێوان کێش، کات، شوێن و جازبییە دەکات. «ئەنیشتاین» تێیدا ڕوون دەکاتەوە کە جازبییە تەنیا هێزێک نییە، بەڵکوو ئەنجامی چەماوەی فەزای کاتە، ئەوەش شۆڕشێکی گەورە بوو لە فیزیای مۆدێرن، چونکە پێشتر (ئیسحاق نیوتن ١٦٤٢ – ١٧٢٧) جازبییەی وەک هێزێکی ڕاستەوخۆی نێوان دوو جەستە دەبینی. لەم بەشەدا «ئەنیشتاین» سەرەتا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا هەست بە جازبییە دەکات، بەڵام پێمان دەڵێت: زانست دەبێت لە پشتی ئەو دیاردەیەوە ڕاستییەکی قووڵتر بدۆزێتەوە، بۆیە ئەو پێشنیاری ئەو بیرۆکەیە دەکات، کە (کات و شوێن) دوو شتی جیاواز نین، بەڵکوو پێکەوە سیستمێکی یەکگرتوو پێک دەهێنن کە ناوی (فەزای-کات)ە. هەر جەستەیەکی گەورە، وەک خۆر، یان ئەستێرەکان، ئەم فەزای-کاتە دەچەمێنێتەوە. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە جەستەکانی تر بە شێوەیەکی سروشتی بە ناو ئەو چەماوەدا دەجووڵێن و مرۆڤ ئەوە بە جازبییە دەناسێت. ئەنیشتاین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە نموونەی پیاوێک دەهێنێتەوە، لە ئەسانسێرێکدا (مصعد) دەوەستێت، ئەگەر ئەسانسێرەکە بە خێرایی بەرز بکرێتەوە، ئەو کەسە هەست بە گوشار دەکات، وەک ئەوەی جازبییەیەکی زیاتر هەبێت، بە پێچەوانەش، ئەگەر ئەسانسێرەکە بە هێواشی نزم بێتەوە، ئەو کەسە هەست بە جۆرێک لە سووکی دەکات. لێرەدا ئەنیشتاین بە (یاسای هاوشێوەیی) دەگات و لەو هاوکێشەیەدا دەڵێت: جیاکردنەوەی نێوان جووڵەی خێرا و جازبییە زۆر جار مەحاڵە، بۆیە دەگوترێت ئەم بیرۆکەیە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی تیۆری ڕێژەیی گشتی.

لای (کارڵ پۆپەر) تیۆرییە باشەکە ئەوە نییە، کە هیچ کات هەڵە نەبێت، بەڵکوو ئەوەیە کە لە بەرانبەر توندترین هەوڵەکانی پووچەڵکردنەوەدا خۆی ڕاگرتبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە خۆی لەبەردەم ئەگەری هەڵوەشاندنەوەدا ببینێتەوە. لێرەوە مشتومڕەکە بەو ئاسانییە کۆتایی نایەت، چونکە هەرچەندە بیرۆکەی «پۆپەر» سنوورێکی ڕوونی بۆ زانست دانا، بەڵام دواتر

**زۆرێک لە فەیلەسووفانی دیکە ئاماژەیان بەوەدا کە ڕاستییەکەی زانست زۆر لەوەی ئاڵۆزترە تەنیا «بە درۆخستنەوەیەک» بناسرێتەوە. بیرمان نەچێت زۆرجار تیۆرییەکان بەیەکجاری ڕەت ناکرێنەوە، بەڵکوو خۆیان نوێ دەکەنەوە و گۆڕانکاری تێدا دروست دەکرێت و لە ناو "پارادایمە"کاندا بەردەوام دەبن. هەرچۆنێک بێت، میراتی فیکری «پۆپەر» هێشتا بەهێزە. ئەو فێری کردین کە بیرکردنەوەی زانستی پێش هەر شتێک، بریتییە: لە بوێریی گومانکردن لە خۆمان، ئەو پێیوایە زانست لەو شوێنە دەست پێ دەکا کە مرۆڤ ئامادەبێت بیرۆکەکانی خۆی بخاتە بەردەم مەترسی ڕووخانەوە.**

**پەراوێزەکان:**

١- کارل پۆپەر – نووسەری کتێبی «لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی» لاپەڕە ٣٦ -٣٩، ساڵی چاپ ٢٠٠٢ ، لەندەن. لەم کتێبەدا پۆپەر چەمکی «قابلییەتی بەدرۆخستنەوە» وەک سنووری نێوان زانست و نا زانستیی، دەخاتەڕوو.

٢- تۆماس کۆهین – نووسەری کتێبی «پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان» لاپەڕە ١٠- ٢٢، ساڵی چاپ ١٩٦٢، شیکاگۆ. کۆهین لەم کتێبەدا باسی "پارادایم" و "شۆڕشی زانستی" دەکات.

٣- ئیمری لاکاتۆش – نووسەری کتێبی «سەلماندن و ڕەتکردنەوەکان» لاپەڕە ٧ -١٨، ساڵی چاپ ١٩٧٦، زانکۆی کامبریج. لاکاتۆش بەوە ناسراوە، تیۆری «بەرنامەی توێژینەوەیی»ی زانستی پەرەپێدەدات.

٤- کارل گۆستاف یۆنگ – نووسەری کتێبی «نموونە سەرەتاییەکان و ناهۆشی کۆمەڵایەتی» لاپەڕە ٣ -٤١، ساڵی چاپ ١٩٨١ ، زانکۆی پرینستۆن. یۆنگ لەم کتێبەدا باسی «ناهۆشی کۆمەڵایەتی» و «نموونە سەرەتایی»یەکان دەکا.

٥- سیگمۆند فرۆید - نووسەری کتێبی «لێکدانەوەی خەونەکان»، لاپەڕە ١٢١ –١٤٥، ساڵی چاپ ٢٠١٠ ، نیویۆرک. لەو کتێبەدا فرۆید، خەون وەک زمانێکی ناهۆشی لێک دەداتەوە.

٦- فرانسس بیکۆن- نووسەری کتێبی «ئۆرگانۆمی نوێ»، لاپەڕە ٨٠ – ٩٧، ساڵی چاپ ٢٠٠٠، بیکۆن لەو کتێبەدا بنەمای ڕێبازی (ئیستقرایی) دادەنێت، هەروەها بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، باس لە هەڵە و سنوورەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات و پێداگری لەسەر گرنگی ئەزموون و تاقیکردنەوە دەکات.

**سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١- «قابلییەتی بەدرۆخستنەوە» - کارل پۆپەر ، چاپی لەندەن- ساڵی ١٩٦٣، لاپەڕە ٣٣–٦٥، نووسەر لەو کتێبەدا باسی «قابلییەتی بەدرۆخستنەوە» و سنووری زانست دەکات.

٢- «پێکهاتی شۆڕشە زانستییەکان» ـ تۆماس کوهین، چاپی شیکاگۆ- ساڵی ١٩٧٠، لاپەڕە ١٠– ٤٢. ئەو کتێبە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی «پارادایم» بەکار دێت.

٣- «سەلماندن و ڕەتکردنەوە» ـ ئیمری لاکاتۆش، چاپی زانکۆی کامبریج - ساڵی ١٩٧٦، لاپەڕە ٧–٥٢، لەو کتێبەدا لاکاتۆش، باسی پەرەسەندنی بیرکاری و ڕەخنەی زانستی دەکات.

٤- «نموونە بنەڕەتییەکان و ناهۆشی کۆمەڵایەتی» ـ کارل گۆستاف یۆنگ، چاپی پرینستۆن - ساڵی ١٩٨١، لاپەڕە ٣–٤١. گرنگترین سەرچاوەکانی یۆنگە بۆ ناهۆشی کۆمەڵایەتی.

٥- «مرۆڤی مۆدێرن لە گەڕان بەدوای ڕۆحدا» ـ کارل گۆستاف یۆنگ، چاپی نیویۆرک، ساڵی ١٩٣٣، لاپەڕە ١٧٩–٢١٠، باسی پێوەندی نێوان دەروون،

مانا و ئەفسانە دەكات.

٦- «لێكدانەوەی خەونەكان» ـ سیگمۆند فرۆید، چاپی نیویۆرک، ساڵی ٢٠١٠، لاپەڕە ١٢١–١٤٥. سەرچاوەیەكی سەرەكییە، بۆ شیكردنەوەی خەون و ناهۆشی.

٧- «ڕاستی و ڕێباز» ـ هانس-گیۆرگ گادامێر، چاپی نیویۆرک، ساڵی ١٩٨٩، لاپەڕە ٢٦٧–٣١٢. ئەو كتێبە، بە گرنگترین سەرچاوەی هێرمینیوتیكای مۆدێرن دادەنرێت.

٨- «لێكدانەوەی كولتوورەكان» ـ كلیفۆرد گیرتز، چاپی نیویۆرک - ساڵی ١٩٧٣، لاپەڕە ٣–٣٠. لەو كتێبەدا نووسەر باسی مانا و كۆنتێكست، لە زانستە مرۆییەكاندا دەكات.

٩- «فرۆید و فەلسەفە» ـ پاوڵ ڕیكۆر، چاپی نیوهەیڤەن - ساڵی ١٩٧٠، لاپەڕە ٣٢–٧٨. نووسەر لەو كتێبەدا پێوەندی نێوان دەروونشیكاری و فەلسەفەی لێكدانەوە دەخاتەڕوو.

١٠- «ئۆرگانۆنی نوێ» ـ فرانسیس بیكۆن، چاپی ئۆكسفۆرد - ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە ٥٥–٨٩، بیكۆن لەو كتێبەدا بناغەی ڕێبازی ئیستقرایی و زانستی نوێ دادەنێت.

١١- «دژ بە ڕێباز» ـ پاوڵ فایەرابێند، چاپی لەندەن ساڵی ١٩٩٣، لاپەڕە ١–٣٧، نووسەر لەو كتێبەیدا، ڕەخنە لە بیرۆكەی «ڕێبازی یەكگرتوو»ی زانست دەگرێت.

١٢- «ئەفسانەی نەخۆشی دەروونی» ـ تۆماس ساز، چاپی نیویۆرک - ساڵی ١٩٧٤، لاپەڕە ١٥–٤٩، نووسەر لەو كتێبەدا باسی سنووری دەروونناسی و كۆمەڵگە دەكات.

١٣- «ڕێژەیی: تیۆری تایبەت و گشتی» ـ ئەلبێرت ئاینشتاین، چاپی نیویۆرک، ساڵی ١٩٦١، لاپەڕە ١١٤–١٣٢، ئەو كتێبە نموونەیەكە» بۆ پێشبینی و شۆڕشی زانستی.

١٤- «فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح» ـ گیۆرگ ویلهێلم فریدریش هیگڵ، چاپی ئۆكسفۆرد، ساڵی ١٩٧٧، لاپەڕە ٥١–٨٨، لەو كتێبەدا باسی هۆشیاری، خود-تێگەیشتن و دیالكتیک دەكرێت.